حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان
# وەرزی دووەمی ساڵی ٢٠١٨

Activities & Achievements Report of
Ministry of Planning - KRG

ئەیلول - ٢٠١٨

# ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان

# Activities & Achievements Report of Ministry of Planning


حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان



ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان    ژمارە ٣٢    ئەیلول ٢٠١٨


## لەم ژمارەئە دا


- وەزیری پلاندانان بەشداری لە کۆنگرێسی جیهانی ئیدارەدانی کارسازی دەکات......ل٣
- کردنەوەی سەنتەری ئەڵمانی بۆ کار و کۆچ و تێکەڵکردنەوە بە کۆمەڵگا......ل٤
- وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی کۆری بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی (کۆیکا) یاداشتی دەستپێکردنی پڕۆژەی بەمۆدێرنکردنی سیستەمی گرێبەستی گشتی لە هەرێمی کوردستان واژۆدەکەن......ل٥
- کۆنفرانسی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان - عیراق بەرێوەچوو......ل٦
- تەواوبوونی قۆناغی دووەم لە بەرنامەی ڕاهێنان لەسەر بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن SBDs ...... ل٧
- قۆناغی دووەمی بەرنامەی ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ کەرتی گشتی......ل٧
- ناسنامەی پۆلینکردن بۆ شەش کۆمپانیا بۆ یەکەمجار پۆلینکراوە و پلەی پۆلینی نۆ کۆمپانیاش بەرزکراوەتەوە ......ل٨
- کاروچاڵاکیە کانی بەرێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری ......ل(٨-٩)
- کاروچاڵاکیە کانی پلانی پرۆژەکان ......ل(١٠-١٢)
- کاروچاڵاکیە کانی دەستەی ئاماری هەرێم ......ل(١٣-١٧)
- کارو چاڵاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی ......ل١٧
- کارو چاڵاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان ......ل١٨
- خولە ئەنجامدراوەکان لەوەرزی دوو (نیسان - مایس - حوزەیران) ساڵی ٢٠١٨ ..... ل١٩


## کورتەیەک دەربارەی وەزارەتی پلاندانان

ئەم وەزارەتە بەپێی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ـ عیراق دامەزراوە، بەمەبەستی ئامادەکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی هەرێم و پێشخستنی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ڕۆشنبیرییەوە.

هەروەها وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەت و کەرتی تایبەت پلانە درێژ و مامناوەند و کورتخایەنەکان و پەرەپێدانی مرۆیی و پەیوەندییەکان دادەڕێژێت.

جگە لەمانەش پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات. وەزارەت هەروەها هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕووپێوی جیاجیا لە هەرێمدا بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە سەرژمێریە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانووەکان و ڕووپێوی دیکەی گرنگ کە پەیوەندارن بە کەرتە جۆربەجۆرەکان و سێکتەرەکان.

جگە لەمانەی سەرەوە وەزارەت هەڵدەستێ بە دانان و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی نیشتیمانی بۆ پێوەرکاری و کۆنترۆلی جۆرەکی لە هەرێمدا بەپێی مواسەفاتی عیراقی و جیهانی.

## لەم ڕاپۆرتە دا

ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکان بڵاوکراوەیەکی وەرزیە، کە هەموو سێ مانگ جارێك لە وەزارەتی پلاندانان دەردەچێت، تیایدا ئەم کارو چالاکیە سەرەکیانە بەشێوەیەکی کورت و پوختکراو دەخاتە ڕوو کە لەم ماوەیەدا ئەنجامی داوە، چ لەلایەن خودی وەزارەتەوە یان بە هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت و لایەنە ناوخۆیی و بیانیە پەیوەندیدارەکان .

پێویستە بگوترێت کەوا لەم ڕاپۆرتەدا تەنها ئاماژە بە کارو چالاکیە سەرەکیەکان کراوە بە شێوەیەکی کورت.

وە بۆ هەر وردەکاریەك یا بەکارهێنانی داتاکان پێویست بەگەڕانەوە دەکات بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پلاندانان یا ماڵپەڕی وەزارەت.


(www.mop.gov.krd)

ئامادەکراوە لەلایەن
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن
لە وەزارەتی پلاندانان







# وەزیری پلاندانان بەشداری لە کۆنگرێسی جیهانی ئیدارەدانی کارسازی دەکات

لەسەر بانگهێشتی فەرمی وەزیری ئابووری تورکیا، د.علی سندی، وەزیری پلاندانان، بەسەرۆکایەتی شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریکرد لە کۆنگرێسی جیهانی ئیدارەدانی کارسازی کە لە ماوەی نێوان ١٦-٢٠١٨/٤/١٩ لە ئەستەنبوڵ سازکرا. لە میانەی کۆنگرەکەدا، وەزیری پلاندانان لەگەڵ نیهات زەیبەکچی، وەزیری ئابووری تورکیا کۆبوویەوە و گفتوگۆیان کرد لەسەر چۆنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عیراق لەگەڵ کۆماری تورکیا. هەروەها وەزیری پلاندانان ژمارەیەک کۆبوونەوەی تری لەگەڵ بەشداربووانی کۆنگرێسەکە ئەنجامدا.

# کردنەوەی سەنتەری ئەڵمانی بۆ کار و کۆچ و تێکەڵکردنەوە بە کۆمەڵگا

لە بەرواری ٢٢/٤/٢٠١٨ بە ئامادەبوونی د. عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گێرد مولەر، وەزیری هەماهەنگی و گەشەسەندنی ئابووری کۆماری ئەڵمانیای و فیدراڵ و شاندی یاوەری، حکومەتی ئەڵمانیا لە ڕێگەی ڕێکخراوی (GIZ)ەوە و لە چوارچێوەی پرۆگرامی کۆچکردن بۆ پێشکەوتدا، سەنتەری ئەڵمانی بۆ کار و کۆچ و تێکەڵکردنەوە بە کۆمەڵگەی بە فەرمی لە هەرێمی کوردستان کردەوە. ئەم سەنتەرە کاردەکات لە پێناو دووبارە ئاشناکردنەوەی گەڕاوەکان لە ئەڵمانیا و ئەوروپاوە بە کۆمەڵگای خۆیان و هاوکاری ماددی و مەعنەوی و پیشەییان بۆ دەستەبەر دەکات.

ئەم پرۆگرامە لە ڕۆشنایی ئاسایی بوونەوەی دۆخی ناوچەکە و سەقامگیر بوونەوەی دۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابووری لە عێراق و خواستی پەنابەرانی عێراقی لە ئەوروپا و ئەڵمانیا بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان دێت. لە کاتێکدا ئەو کەس و خێزانانە پێویستیان بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن سەر لە نوێ لە وڵاتی خۆیان دەست بە ژیانی ئاسایی بکەنەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگا ببنەوە.

وەزیری پلاندانان بوونی ئەم سەنتەرەی بە گرنگ وەسف کرد و سوپاسی حکومەت و گەلی ئەڵمانیای کرد بۆ هاوکاری بەردەوامی هەرێمی کوردستان.



# وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی کۆری بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی (کۆیکا) یاداشتی دەستپێکردنی پرۆژەی بە مۆدێرنکردنی سیستەمی گرێبەستی گشتی لە هەرێمی کوردستان واژۆ دەکەن



وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی کۆری بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی کۆیکا یاداشتی دەستپێکردنی پرۆژەی بە مۆدێرنکردنی سیستەمی گرێبەستی گشتی لە هەرێمی کوردستان واژۆدەکەن.

ڕۆژی ٢٠١٨/٤/٢٩، د. عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و راکاپچی، بەڕێوەبەری ئاژانسی کۆری بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی کۆیکا لە عیراق یاداشتێکیان واژۆکرد بە مەبەستی دەستپێکردنی پرۆژەی بەمۆدێرنکردنی سیستەمی گرێبەستی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

بەپێی ئەم یاداشتە، حکومەتی کۆریای باشوور بڕی شەش ملیۆن دۆلار بۆ ئەم پرۆژەیە دەبەخشێت و ئاژانسی کۆیکا ئەرکی جێبەجێکردنی لەئەستۆ دەگرێت کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠١٨ دەست پێبکات و لە ٢٠٢١ تەواوبێت. پرۆژەکە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و دامەزراندنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ گرێبەستە گشتییەکان لەخۆدەگرێت.

لە میانەی ڕێوڕەسمی واژۆکردنی یاداشتەکە، بەڕێوەبەری کۆیکا لە عیراق ڕایگەیاند کە ئەم پرۆژە فاکتەرێك دەبێت بۆ بەدیهێنانی شەفافیەت لە ڕێکار و پراکتیزەکانی گرێبەستە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان. و دوای تەواوبوونی پرۆژەکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بڕەو بە پێوەرەکانی چالاکی و لێپرسینەوە لە سەرجەم ڕێکارەکانی گرێبەستە گشتییەکان بدات.

لەلایەن خۆیەوە، د. عەلی سندی ڕایەگەیاند کە لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، وەزارەتی پلاندانان ریفۆرمی لە گرێبەستە گشتییەکان لە ساڵی ٢٠١٥ دەست پێکرد و لە ئێستادا سیستەمێکی نوێ هەیە بۆ گرێبەستە گشتییەکان کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە، و بەئەلیکترۆنیکردنی سیستەمەکە هەنگاوی داهاتووی پلانی ئەم ریفۆرمە دەبێت، و بە هاوکاری کۆیکا بەردی بناغەی سیستەمی ئەلیکترۆنی گرێبەستە گشتییەکان دادەنێین. هەروەها لە کۆتاییدا، وەزیری پلاندانان سوپاس و ستایشی حکومەت و گەلی کۆریای باشووری کرد بە تایبەتی ئاژانسی کۆیکا بۆ پشتگیری و هاوکاری بەردەوامی بۆ هەرێمی کوردستان.

# کۆنفرانسی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان - عیراق بەڕێوەچوو

کۆنفرانسی پەرەپێدانی پەیوەندیە ئابوریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری هەولێر بۆ ماوەی ٢-٢٠١٨/٥/٣ بەردەوام بوو. لە میانەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە د. عەلی سندی وەزیری پلاندانان و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت، لە ووتارێکدا، سەرەتا بەخێرهاتنی هەریەك لە بەڕێزان نێچرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، د. محمد شەریعەتمەداری، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی ئێران و عیراقی کرد. دواتر ئاماژەی بەوەدا کە کۆنفراسی پەرەپیدانی ئابووری نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە لای هەمووان ئاشکرایە کە پەیوەندیەکانی نێوان هەردولا پەیوەندیەکی لەمێژینەیە لە هەموو ئاست و بوارێکدا، کە بواری بازرگانی و پیشەسازی یەکێکە لەو بوارانە. بەڕێزیان چەند خالێکی گرنگیان خستەڕوو بۆ بەرەوپیشبردنی زیاتری پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی نێوان هەردوولا کە بریتی بوون لە:

یەکەم: ئاسانکاری لە هاوردەو هەناردە کردنی کاڵا کەلوپەل لەلایەن هەردوو لادا بکرێت بەتایبەت ئەو کاڵایانەی کە کوالێتیان بەرزە.



دووەم: بەفەرمیکردنی ئەو خاڵە سنوریانەی کە ئێستا بازرگانی لە ڕێگایانەوە دەکرێت بۆ ئەوەی بەشێوازێکی فەرمی لەژێر کۆنترۆل و چاودێری هەردوولا دابێت.

سێیەم: دەکرێت هەرێمی کوردستان وەك بازارێکی ستراتیژی درێژخایەن تەماشابکرێت نەوەك بازارێکی کورتخایەن، بۆیە گرنگە کە سەرمایەدارانی ئێران وەبەرهێنان لەبوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی زیاتر بکەن و کارگەکانیان لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن بەمەش تێچووی بەرهەمەکانیان کەمتر دەبێت و دەتوانن کێبرکێی بەرهەمی وولاتانی تری پێ بکەن.

چوارەم : ئەم خاڵە کەخاڵێکی هاوبەشە لەنێوان هەردوولا واتا هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەویش بەناوی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەو گوتی داوا لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ دەکەین بازگەی ئەلعوزەیم نەمێنێت کە ئەمەش ئاسانکاریە بۆ پەرەپیدانی بازرگانی لەنێوان هەردوولادا.

پێویستە بگوترێت کە لە کۆتایی ئەم سەردانەی شاندەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێککەوتنێک لەنێوان وەزیری بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت و بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی بازرگانی و جێگری وەزیری پیشەسازی و بازرگانی ئێران واژۆکرا، کە بێگومان ئەو ڕێککەوتنە دەبێتە هەنگاوێکی تری پەرەپێدانی پەیوەندیە ئابووریەکانی هەردولا. شایانی باسە ئەم کۆنفرانسە کە لەلایەن یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی و، بە هاوکاری لەگەڵ سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری هەرێمی کوردستان ڕێکخرا بوو.

# تەواوبوونی قۆناغی دووەم لە بەرنامەی ڕاهێنان لەسەر بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن - SBDs

له میانەی ئەو بەرنامە نوێیەی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان لە وەزارەتی پلاندانان دایناوە بۆ ڕاهێنانی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لەسەر بەڵگەنامە ستانداردەکانی گرێبەستکردن (SBDs)کە بە دوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، کە چەندین خولی ڕاهێنان بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی بواری گرێبەستە گشتیەکان ئەنجامدراون.
قۆناغی یەکەمی بەرنامەکە لە شەش خولی ڕاهێنان پێکهاتووە، لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ لە شاری هەولێر دەستپێکرد و لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٥ کۆتایی بەم قۆناغە هات بە بەشداربوونی٢١٣ فەرمانبەر لە خولەکان.

قۆناغی دووەمی ئەم بەرنامەیە کە بریتی بوو لە ڕاهێنان لەسەر بەڵگەنامەی ستاندارد بۆ هەڵبژاردنی ڕاوێژکاران (SRFP) ، لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ئەمساڵ دەستپێکرد و لە هەر سێ پاریزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك جێبەجێ کرا ئەویش بە ئەنجامدانی سێ خولی ڕاهێنان کە تێیدا ٩٥ فەرمانبەری حکومی بەشدارییان کرد.

## قۆناغی دووەمی بەرنامەی ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ کەرتی گشتی

شان بەشانی بەرنامەی کەرتی حکومی، بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ کەرتی تایبەت دانراوە کە گشت بەڵگەنامە ستانداردەکان ڕوون دەکرێنەوە بۆ بەڵێندەرانی سەربە لقەکانی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان لە پارێزگاکانی هەرێم، لەگەڵ نووسینگەکانی ڕاوێژکاری ئەندازەیی سەر بە سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان. ئەم بەرنامەیە کە لە شەش خولی ڕاهێنان پێکهاتبوو، وە لە مانگی نیسان بەرنامەکە تەواوبوو بە ئەنجامدانی تەنها ٥ خولی ڕاهێنان و بە بەشداربوونی١٦٤ لە نوێنەری کۆمپانیاکان و نووسینگەکانی ڕاوێژکاری ئەندازەیی.

| شوێنی خول | ڕێکەوتی ئەنجامدان | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| هەولێر | ١٥-١٧/ ٤/ ٢٠١٨ | ٣٢ |
| سلێمانی | ٢٢ – ٢٤/٤/٢٠١٨ | ٣٤ |
| دهۆك | ٨ – ١٠/٥/٢٠١٨ | ٢٩ |
| | | ٩٥ |

## بەرنامەی ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ کەرتی تایبەت

| شوێنی خول | ڕێکەوتی ئەنجامدان | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| پارێزگای هەولێر | ٢٦ – ٢٨/١٢/٢٠١٧ | ٣٠ |
| پارێزگای سلێمانی | ٩ –١١/ ١/ ٢٠١٨ | ٣٧ |
| پارێزگای دهۆك | ٣٠/١ – ١/٢/ ٢٠١٨ | ٣٠ |
| پارێزگای هەولێر | ١٤–١٦/ ٤/ ٢٠١٨ | ٤٠ |
| خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری | ٢٨–٣٠/ ٤/ ٢٠١٨ | ٢٧ |
| کۆی گشتی | | ١٦٤ |



## ناسنامەی پۆلینکردن بۆ شەش کۆمپانیا بۆ یەکەمجار پۆلینکراوە و پلەی پۆلینی نۆ کۆمپانیاش بەرزکراوەتەوە

بەڕێوەبەرایەتی پۆلینکردنی بەڵێندەران ڕۆژانە کاری ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات کە بریتیە لە وەڵامدانەوەی گشت وەزارەت و لایەنەکانی حکومی و ڕەزامەندیدان لەسەر فرۆشتنی پشکی هاوبەشان و دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکان و پاکتاوکردنی کۆمپانیاکان و پشتگیریکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کاری بەڵێندەرایەتی لە دەرەوی سنووری هەرێم ئەنجام دەدەن، ئەمەش بێگومان دوای دیراسە کردنی دۆسییەکانیان. جگە لەمانە و لە ماوەی وەرزی دووەمی ئەمساڵدا ناسنامەی پۆلینکردن بۆ ٢٤ کۆمپانیا و بەڵێندەر نوێکراوەتەوە، دوای ئەوەی دیراسەی دۆسیەکانیان کراوە و بەڵگەنامە پێویستیەکانیان پێشکەش کردووە. لە لایەکی ترەوە لیژنەی تۆمار و پۆلینکردنی بەڵێندەران لە وەرزی دووەمی ئەمساڵدا بەهۆی سستی کاری بەڵێندەرایەتی و کەمی داواکاریەکانیان تەنها (٣) سێ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداوە، کە لە ئەنجامدا (٦) شەش کۆمپانیای بۆ یەکەمجار پۆلینکردووە و پلەی پۆلینی (٩) نۆ کۆمپانیاشی بەرزکردۆتەوەوە، ٣ سێ ئەندازیاری هاوبەش لە دامەزراندنی کۆمپانیاکان دەرهێنراون و داواکاری (٢) دوو کۆمپانیاش ڕەتکراوەتەوە، بەهۆی نەگونجانی تواناکانیان لەگەڵ پێوەرەکانی هاتوو لە پەیڕەوی پۆلینکردن ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٧. وە لەسەر داواکاری دەزگاکانی حکومەت ناوی (٧) حەوت کۆمپانیا خراونەتە لیستی ڕەش، بەم جۆرە کۆی گشتی ناوی ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی لە لیستی ڕەشدان تا ئێستا دەبێتە ٦٤ کۆمپانیا .

## چەند چالاکیەکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری

ئاماری کاروچالاکی نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی بۆ وەرزی دووەم ساڵی ٢٠١٨ لیژنەکانی قائیمقامیەت کە پێک دێت لەم لیژنانە:

| لیژنەکان | ژمارەی سەردان | پسوولەی سەرپێچی | ئاگادارکردنەوە | داخستن | دادگا | غەرامە | مەوادو کالای دەست بەسەرگیراو بە تەن و دانە پارچە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیژنەی باڵا | ٦٨٧جار | ١٣ | ٣٦٠ | ٧ شوێن | ١ | | ١,٦٣٩ تەن |
| لیژنەی کۆگاکان | ٢٠٧ جار | ١٣ | - | - | - | | ١٦٨,٥٠تەن ١٣١٧ پارچە |
| لیژنەی سوتەمەنی | ٢٢٥ جار | - | - | - | - | - | - |
| لیژنەی ژینگە | ٧٠ جار | ٣ | ٣٥ | - | - | - | - |
| لیژنەی بە دواداچوونی کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان و خانوو پلاستیکیەکان | ٣٣٦ جار | ٦ | ١٣٣ | - | - | - | ١٥٣٩ دانەی جۆراو جۆر لە دەرمانی قرکەری قەدەغەکراو تۆمار نەکراو |
| لیژنەی ئارایشگاکان | ٢٥٦ جار | ٢١ | ٣٤ | ٧ شوێن | - | - | ٣٦٧ پارچە |
| لیژنەی چاودێری سیستەمی غاز | ٢٢ جار | ٢ | ١٣ | - | - | - | - |
| لیژنەی هاوبەشی تەندروستی | ٩٤ جار | - | - | - | - | - | - |

## بڕو ناوی مەوادە هاتووەکان لە مەرزەکانی (باشماغ و پەروێزخان) لە وەرزی دووەم ساڵی ٢٠١٨

پاككەرەوە ، مەوادی بیناسازی ، مەوادی كارەبا ، مەوادی چێشتخانە ، مەوادی پلاستیكی ، یـاری مـنـداڵان ، مەوادی ئوتومبێل.

| بڕی هاتوو/ تەن | | | بڕی هاتوو/ كارتۆن | | | بڕی هاتوو /دانە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگەپێدراوە | ڕێگەپێنەدراوە | لەناوبراوە | ڕێگەپێدراو | ڕێگەپێنەدراوە | لەناوبراوە | ڕێگەپێدراوە | ڕێگەپێنەدراوە | لەناوبراو |
| ١٦٠٦٨ | - | - | ١٠٤٨٥١٥ | - | - | - | - | - |

ئاماری هاتوو لە كۆمپانیای lux agency لە مەرزی پەروێـز خـان بـۆ وەرزی دووەم سـاڵی ٢٠١٨ (٧٧٢٢) دانـە ئۆتۆمبێل وە بڕی (١٩٥٤٥٦) تەن مەوادی هاتوو.

خشتەی پشكنینی ئەنجامدراو لە تاقیگەكانی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و كۆنترۆلی جۆری سلێمانی

(هۆبەی پیشەسازی خۆراك ) كە پێك دێت لە پشكنینەكانی بایۆلۆجی – فیزیایی- كیمیایی بۆ (خواردەمەنی ، ئاو ، جوانكاری ، پاككەرەوە ، جگەرە)

| مانگەكان | كۆی پشكنین | دەرچوو | دەرنەچوو |
|---|---|---|---|
| نیسان | ٣١ | ١٨ | ١٣ |
| مایس | ١٣ | ١٠ | ٣ |
| حوزەیران | ١١ | ٨ | ٣ |
| كۆی گشتی | ٥٥ | ٣٦ | ١٩ |

كاروچالاكی وەرزی دووەم لە هۆبەی خشل/ ب. پێوانسازی و كۆنترۆلی جۆری (هەولێر سلێمانی دهۆك)
جۆری كارو چالاكییەكانی هۆبەی هونەری (هەولێر - سلێمانی - دهۆك )

| جۆری كارو چالاكی | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|
| دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگەری | ١٠ | ٣ | ٨ |
| دەرهێنانی فرۆشتنی زێڕ بە كۆمەڵ | - | - | - |
| دەرهێنلنی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | ٦ | - | ٢ |
| تازەكردنەوەی مۆڵەتی زێڕینگەری | ٣٦٢ | ٣٣٦ | ٣٠٥ |
| تازەكردنەوەی فرۆشتنی زێڕ بە كۆمەڵ | ١ | ٥ | - |
| تازەكردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | ٤١ | ٢٧ | ٧٦ |
| پشكنینی خشلی هاوردە (زێڕ ، زیو ،پلاتین) | ٣٣٩,٨٠٠ سێ سەدوو سی و نۆ كیلۆ و هەشت سەد گرام | ٩١,١٠٠ نەوەدو یەك كیلۆ و سەد گرام | ١٤,٦٥٠ چواردە كیلۆ و شە ش سەدوو پەنجا گرام |
| پشكنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ | ١١٤ | - | ٥٢ |
| پشكنینی دووكانی وەرشەی زێڕینگەر | ٢٦ | ٢ | ١٧ |
| كێشكردنی تەرازوو | ١١٤ | - | ٩٠ |
| سەردانی لێژنەی چاودێری بازاڕ | ٣ جار | ٩ جار | ٥ جار |
| زێڕی پشكێنراو لەلایەن لێژنەی چاودێری | ٢٥٤٦ | - | ٢١٠ گرام |
| تاقیكردنەوەی زێڕینگران و خاوەن وەرشەكان | ١٦ زێڕینگەر | ١ زێڕینگەر | ٢٣ زێڕینگەر |

# سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان

## Funding Facility Economic Reform- KRG

سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان سندوقێکی داراییە لەلایەن پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان - وەزارەتی پلاندانان – حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە بەمەبەستی گەشەپێدان و ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری. ئەم پرۆژەیە کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی بۆهێنانی شارەزایان و هاوکاری تەکنیکی بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەی چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکان بودجەی وەبەرهێنان کاریانکردوە بۆ ئەنجامدانی ئەمانەی خوارەوە:

١ - ڕاوێژکاری شارەزا لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری پێشنیاری پرۆژەی ئامادەکردوە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری خانەنشینی. بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا لە وەزارەتی پلاندانان بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکان بودجەی وەبەرهێنان هەروەها ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و ڕاوێژکاری شارەزا لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری. هەروەها پێشنیارکراوە ڕاهێنان بۆ کارمەندانی بەشی خانەنشینی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری خانەنشینی و مافی هەبوونی خانەنشینی و چۆنیەتی هەژمار کردنیان ئەنجامبدرێت.

٢ - تیمی پرۆژە و ڕێکخراوی UNFAO بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کاریانکرد بۆ دەستنیشانکردنی سێ ڕاوێژکار لە سێ بواری سەرەکی لە کشتوکاڵدا (بەرهەمی کشتوکاڵ، زنجیرەی بەها، ئاودێری) ، بەمەبەستی ئەنجامدانی خوێندنەوەی قووڵ لەوبوارانەدا لە هەرێمی کوردستان. لەئێستادا ئەم پرۆژەیە دەستی پێکردوە و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەنجامدەدات بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی. وابڕیارە ئەم ڕاپۆرتە لە مانگی ١٢ ی ٢٠١٨ ئامادەبێت.

٣ - بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لەستراتیجیەتی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئەنجامدانی پرۆگرامی بەئامانجکردنی هەژاری لەهەرێمی کوردستان بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی تیمی پاراستنی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا بە بەشداریکردنی تیمی پرۆژە و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا بە ئەندامێتی وەزارەتی پلاندانان - بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. لە ئێستادا ئەم لیژنەیە کاردەکەن بۆ ئامادەکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بەئامانجکردنی هەژاران لە هەرێمی کوردستان.



٤- له بەرواری ٢٠١٨/٧/٣ بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکان بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان بەهەماهەنگی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان پرۆژەی سندوقی پاڵپشتی دارایی بۆ چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کۆبونەوەیان ئەنجامدا لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی زیاتر ئاشناکردنی وەزارەتەکان بە نەخشەرێگەی چاکسازی ئابووری و دەستنیشان کردن و ئامادەکردنی پرۆژەی چاکسازی زیاتر.



٥- وەزارەتی پلاندانان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان بەهاوکاری ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان هەستا بەئەنجامدانی خولی راهێنان دەربارەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی پرۆژە، لەهۆتێلی جوهەینا لە هەولێر لە بەرواری ١٠-٢٠١٨/٧/١١. ئامانجی سەرەکی ئەم خولەش ئاشنابوونی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە بە پرۆسەی بەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.



# پرۆژەی کۆمەکی یەکێتیی ئەورووپا

وەزارەتی پلاندانان کۆمەکێکی لە یەکێتیی ئەورووپا وەرگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزاری بچووک لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کە لە پلاندایە لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ـدا جێبەجێ بکرێن. بەگشتی پرۆژەکە دوو ئامانجی سەرەکی هەیە کە بریتین لە بونیاتنانی توانا بۆ فەرمانبەرانی ئەو لایەنانەی کە لە پرۆژەکە سودمەند دەبن و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی لایەنە سودمەندەکان.

شوێنی ئەنجامدانی پرۆژەکان و جۆری پرۆژەکان لە لایەن بەڕیوەبەرایەتیی گشتی پلانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرانەی کە لەگرێبەستی نێوان کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا و وەزارەتی پلاندانانادا ئاماژەیان پێکراوە.

دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیاری قەزا و ناحییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پلانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان. بڕیاری دا کە پرۆژەکان لە سیازدە ناوچەی جیاواز جێبەجێ بکرێن، بەجۆرێک کە ٤ پرۆژە لە سنووری پارێزگای هەولێر، ٣ پرۆژە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ٣ پرۆژە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە و ٣ پرۆژەش لە سنووری پارێزگای دهۆک جێبەجێ بکرێن.

# ئەنجامدانی خوولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی لایەنە سودمەندەکان

هەر وەک لە گرێبەستی پرۆژەکەدا ئاماژەی پێکراوە سەرەڕای جێبەجێکردنی پرۆژەی بچووکی خزمەتگوازاری، یەکێکی تر لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆژەکە ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانە بۆ فەرمانبەرانی لایەنە سودمەندەکان. هەر لەسەر ئەم بنەمایە وەزارەتی پلاندانان خولێکی ڕاهێنانی لەسەر چۆنێتیی ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵی پرۆژە ڕێکخست، بەشداربووانی ئەم خولەش بریتیبوون لەفەرمانبەرانی لایەنە سوودمەندەکان لەهەر چوار پارێزگاکانی هەرێم: هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە.



# کارو چالاکییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ وەرزی دووەمی ٢٠١٨

## بەشی ئامارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتی

### کۆتایی هاتنی کاری مەیدانی ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر MICS6

ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر MICS6 لەڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٥ لە هەرسێ پارێزگای ( هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك) بەپێی هەلبژاردنی سامپڵ دەستی پێ کرد بۆماوەی ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو جگە لە ڕۆژانی هەینی.

بەپێی پلانی دانراو لەگەڵ ڕێکخراوی UNICEF لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٥ کاری مەیدانی کۆتایی هات لە پارێزگاکان، وە تیمی هونەری دەستەی ئامار سەرقاڵی کاری پاککردنەوەی داتاکانە بۆ خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی شیکردنەوە. وا بڕیاردراوە

لەگەڵ ڕێکخراوی UNICEF دوای ئەنجامدانی وۆرکشۆپی شیکردنەوەی داتاکان کە بڕیارە لە مانگی تەمموزی ٢٠١٨ ئەنجامبدرێت و پاشان لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٨ دەرەنجامە سەرەتاییەکانی ڕووپێوەکە ڕابگەیەندرێت.

---

### خولی هەژمارکردنی پێوەرەکانی هەژاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان

لەژێر چاودێری سەرۆکی دەستەی ئامار و بە هاوکاری بانکی دوەلی World Bank ، خولی هەژمارکردنی هەژاری دەستی پێکرد بە بەشداری تیمی دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و تیمی دەستەی ئاماری هەرێم. لەم خولەدا وەکو سەرەتایەك ڕاهێنان لەسەر پێوەرەکانی هەژمارکردنی هەژاری و هۆکارەکانی کرا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی فەرمانبەران. شایانی باسە ئەم خوولە لە ڕێکەوتی ٣/ ٦/ ٢٠١٨لە دیوانی دەستەی ئاماری هەرێم دەستی پێکردو ماوەی ٥ ڕۆژی خایاند.



## بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار

- پێداچوونەوە بە ڕەشنووسەکانی ڕاپۆرتی تایبەت بە رووپێوی دیموگرافی و راستکردنەوەی هەڵەکان و بەهێزکردنی بابەتەکانی ڕاپۆرتەکە کە بڕیارە لە مانگی تەمموزو دا بڵاو بکرێتەوە.
- بەردەوامبوون لە هەماهەنگی کردن لەگەڵ ڕێکخراوی جیهانیی کار (ILO) بۆ مەبەستی تازەکردنەوە و ڕێکخستنەوەی میتۆدۆلۆژیی رووپێوی هێزی کار، کە لەلایەن دەستەی ئامارەوە ئەنجام دەدرێت و ، بڕیار وایە بەپێی دوایین پێوەرو ستاندەرە جیهانییەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێت و لەساڵی داهاتووەوە کاری پێ بکرێت.
- بەردەوامبوون لە ئامادەکارییەکان بۆ رووپێوی تایبەت بە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی لاوازبوونی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، کە یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکان لەسەر ئاستی جیهان. ئەم رووپێوە بە هاوکاری و هەماهەنگی و لەسەر داوای بانکی جیهانی ئەنجام دەدرێت.
- بەشداریکردن لە خولێکی ڕاهێنان تایبەت بە نیشاندەرەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، ئەوانەی تایبەتن بە بواری هێزی کار. ئەم خولە لەلایەن سەنتەری ڕاهێنانی تایبەت بە ڕێکخراوی جیهانیی کار (ILO) لە وڵاتی ئیتالیا بەڕێوەچوو، وە ماوەی یەك هەفتە بەردەوام بوو.
- بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە ڕێکارەکانی بەهێزکردن و بەرەوپێش بردنی خوێندن بۆ منداڵەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، کە لەلایەن ئەنجومەنی بەریتانی (British Council) و لە شاری ئەستەنبول ساز کرابوو.
- بەشداریکردن لە خولێکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە "ئامارەکانی جێندەر" کە لەلایەن ڕێکخراوی ESCWA و بە شێوازیONLINE لە دیوانی دەستە ئەنجامدرا.
- پێداچوونەوە بە وەرگێڕانەکانی ڕاپۆرتەکانی هێزی کاری ٢٠١٤ و ٢٠١٥ بۆ سەر زمانی عەرەبی.
- تازەکردنەوەی نیشاندەرەکانی تایبەت بە بەشی دانیشتوان و هێزی کار لە سەر وێبسایتی دەستەی ئاماری هەرێم.
- ئامادەکردن و پێدانی داتا و زانیاریی پێویست بۆ ئەو کەس و و لایەنانەی کە پێویستیان پێبووەو داوایان کردووە.

## بەشی ئامارەکانی گواستنەوە وگەیاندن

- دەرکردنی ڕاپۆرتی ئۆتۆمۆبێلەکانی کەرتی تایبەت کە تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٦، بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان. ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە بۆ گەیشتنە بە داتاو زانیاری لەسەر ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان بەگوێرەی جۆری ئۆتۆمۆبێل، نەفەر هەڵگر ، بارهەڵگر ، تاکسی ، جۆری سوتەمەنی بەکارهاتوو وەک بەنزین و دیزل ، وە هەروەها ئۆتۆمۆبێلەکان بە گوێرەی ساڵی دروستکردنیان .
- وردبینی کردنی داتاکان و تایبەت بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٧.
- ڕێکخستنەوەی خشتەکانی ڕاپۆرتی گواستنەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٧.

## بەشی ئامارەكانی بازرگانی

◊ ڕاپۆرتی یەكە گەشتیارییەكان تەواوكراوە و نێردراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئاماری پارێزگاكان بۆ ئەوەی هەرچی تێبینی و پێشنیازیان ئەگەر هەبێت لەسەر داتاكان چاك بكرێنەوە پاشان لە ماوەیەكی نزیكدا بڵاوبكرێتەوە.

◊ ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك لەسەر كەرەستەی هاوردە بۆ عیراق و هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٦ -٢٠١٧ كە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەرگیراوە .

◊ بەردەوام بوون لەسەر كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی كارگێڕی و دەستەبەری كۆمەڵایەتی لە وەزارەتی كار وەك نوێنەری وەزارەتی پلاندانان.

## بەشی ئامارەكانی پیشەسازی

ئامادە كاری تەواو كراوە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی پیشەسازیەكانی گەورە و مام ناوەند بۆ ساڵی ٢٠١٨ لە هەرێمی كوردستان ، كە بڕیارە لە مانگی تەمموزدا ئەنجام بدرێت.

## بەشی شیكردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا

◊ سەرپەرشتیكردن و بەدواداچوونی ڕووپێوی فرەنیشاندەری بوارەكان (mics 6) لە هەرسێ پارێزگاكانی هەرێم لە ڕووی بەڕێوەبردنی داخل كردنی داتاكان كە بە تابلیت ئەنجام دراوە.

◊ پاككردنەوە ووربینی كردنی داتای ڕووپێوی (mics 6)، وە دەركردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەهەر بوارێك بۆ مەبەستی پاككردن و ووردبینی كردنی.

◊ ئامادەكردنی پرۆگرامی تایبەت بە ڕووپێوی خێرای بارو گوزەرانی خێزان لەهەرێمی كوردستان(swift)

◊ ڕاهێنانی فەرمانبەرانی ئاماری هەر سێ پارێزگاكان بۆ ڕووپێوی (swift) لەسەر سستەمی ئەندرۆید و ویندۆز.

◊ كاری ووردبینیكردن و پاككردنەوەو شیكردنەوەی داتاكانی ڕووپێوی یەكە گەشتیارییەكان لە هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٦.

---

نرخی بەكاربەر و ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان و پارێزگاكان بۆ مانگی ئازار ٢٠١٨

**CONSUMER PRICE INDEX-CPI**
**CPI FOR KURDISTAN REGION FOR MARCH—2018**

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | 91.5 | 90.9 | 94.2 | 88.8 | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | 123.2 | 138.7 | 110.0 | 129.7 | خواردەمەنیە كحولیەكان و توتن |

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Clothes and Footwear | 89.3 | 98.3 | 88.3 | 85.5 | جل و بەرگ و پێلاو |
| Housing, Water ,Electricity | 91.4 | 112.8 | 95.7 | 74.5 | کرێی خانو ئاوو کارەبا و سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | 94.0 | 93.4 | 88.7 | 100.3 | پێداویستییەکانی ناوماڵ و چاککردنەوە |
| Health | 116.7 | 137.0 | 107.6 | 115.7 | تەندروستی |
| Transportation | 87.5 | 80.0 | 85.2 | 94.3 | گواستنەوە |
| Communications | 99.0 | 110.7 | 97.5 | 94.1 | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | 93.0 | 82.1 | 108.6 | 81.2 | رۆشنبیری |
| Education | 116.2 | 138.1 | 119.7 | 100.1 | پەروەردە |
| Restaurants | 99.4 | 99.8 | 97.3 | 101.7 | چێشتخانە |
| Miscellaneous Services | 92.0 | 95.9 | 95.2 | 86.2 | کەرستەو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان |
| General Index Number | 94.4 | 96.4 | 93.1 | 94.6 | تیکرای گشتی |

نرخی بەکاربەر و ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ مانگی نیسان ٢٠١٨

**CONSUMER PRICE INDEX-CPI**
**CPI FOR KURDISTAN REGION FOR APRIL - 2018**

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | 91.7 | 89.9 | 94.4 | 89.5 | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | 123.2 | 138.7 | 110.0 | 129.7 | خواردەمەنیە کحولیەکان و توتن |
| Clothes and Footwear | 89.5 | 97.8 | 89.0 | 85.5 | جل و بەرگ و پێلاو |
| Housing, Water, Electricity | 96.3 | 111.4 | 93.8 | 90.9 | کرێی خانو ئاوو کارەبا و سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | 93.9 | 93.4 | 88.6 | 100.3 | پێداویستییەکانی ناوماڵ و چاککردنەوە |
| Health | 117.4 | 136.6 | 109.5 | 115.7 | تەندروستی |
| Transportation | 86.6 | 79.9 | 84.3 | 93.1 | گواستنەوە |
| Communications | 100.7 | 107.1 | 99.0 | 99.1 | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | 92.8 | 82.1 | 109.2 | 79.8 | رۆشنبیری |
| Education | 116.2 | 138.1 | 119.7 | 100.1 | پەروەردە |
| Restaurants | 99.4 | 99.7 | 97.3 | 101.7 | چێشتخانە |
| Miscellaneous Services | 91.9 | 95.9 | 94.9 | 86.2 | کەرستەو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان |
| General Index Number | 94.1 | 95.8 | 92.8 | 94.6 | تیکرای گشتی |

## نرخی بەکاربەر و ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ مانگی ئایار ٢٠١٨

## CONSUMER PRICE INDEX-CPI
## CPI FOR KURDISTAN REGION FOR MAY- 2018

| Division | KR | Duhok | Suly | Erbil | گرووپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | 90.7 | 89.0 | 94.4 | 87.5 | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | 123.2 | 138.7 | 110.0 | 129.7 | خواردەمەنیە کحولیەکان |
| Clothes and Footwear | 90.3 | 101.3 | 89.0 | 85.5 | جل و بەرگ و پێلاو |
| Housing, Water ,Electricity | 96.7 | 110.4 | 93.2 | 93.0 | کرێی خانو ئاوو کارەبا و سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | 94.2 | 94.6 | 88.6 | 100.3 | پێداویستییەکانی ناوماڵ و چاککردنەوە |
| Health | 117.5 | 137.0 | 109.5 | 115.7 | تەندروستی |
| Transportation | 89.8 | 93.4 | 84.3 | 94.0 | گواستنەوە |
| Communications | 100.7 | 106.8 | 99.0 | 99.1 | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | 93.4 | 81.6 | 109.1 | 82.1 | رۆشنبیری |
| Education | 116.2 | 138.1 | 119.7 | 100.1 | پەروەردە |
| Restaurants | 99.5 | 100.0 | 97.3 | 101.7 | چێشتخانە |
| Miscellaneous Services | 92.0 | 96.2 | 94.9 | 86.2 | کەرستەو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان |
| General Index Number | 94.6 | 98.6 | 92.7 | 94.5 | تیکرای گشتی |

# کارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی

کارو چاڵاکیەکانی بەڕِێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی لە وەرزی دووەمی ئەم ساڵدا بریتین لە:

- ئامادەبوون لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی هەماهەنگی و بەدواداچونی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بابەتی ئایزۆ کە لە وەزارەتی پلاندانان ئەنجامدرا.
- هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتی پۆلینی وەزارەتمان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خزمەتگوزاریەکانی ناو وەزارەتی پلاندانان.
- کۆبونەوەی بەڕێوەبەرەکان لەگەل بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دەربارەی کار وچاڵاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی.
- وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتای نوێ لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بەڕەشنوسی پلانی ستراتیجی وەزارەت، وە تۆمارکردنی لە ڕەشنوسەکە.



## بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هەرێمایەتی پرۆگرامەکانی قدرە (Qudra)

بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی هەرێمایەتی پرۆگرامەکانی قدرە (Qudra) لە بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا، کە وڵاتانی (تورکیا – ئوردن – لوبنان ) هەروەها هەرێمی کوردستان بەشداریان تێداکرد. بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری هەماهەنگیی پەرەپێدان (حیدر مصطفی سعید) باسی لە پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان کرد بۆ پەرەپێدانی توانای دامەزراوەیی پرۆژەکانی ژێرخان و خزمەتگوزاری لەگەڵ باشترکردنی بژێوی ژیان، هەروەها دروستکردنی دایەلۆگ و گفتوگۆ لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانای گەنجان و، هێنانەدی ژینگەیەکی تەکنەلۆجیای زانیاری لە پەرەپێدانی بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی.

---

## بەشداریکردن لە کردنەوەی پرۆژەی یارمەتی کەنیسەی هەنگاری HIA

لە میانەی کردنەوەی پرۆگرامێکی نوێیی بەرنامەی Qudra بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان (حیدر مصطفی سعید) بە وتارێك بەشداریکرد لەکردنەوەی پرۆژەی یارمەتی کەنیسەی هەنگاری HIA ، کە ئامانج تیایدا بەهێزکردن و خۆڕاگری ئاوارە و پەنابەر و کۆمەڵگا خانەخوێیەکانە لە هەرێمی کوردستان و، هەروەها یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم و دام و دەزگاکانی لەم بوارەدا.

جگە لەمانەش باس لە پلانەکانی داهاتوو کرا و باسی ئەوەش کرا کە چۆن بتوانرێت هەموو لایەنەکان کۆبکرێنەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە.



# کارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی

## خشتەی خولە ئەنجامدراوەکان لەوەرزی دوو ( نیسان - مایس - حوزەیران) ساڵی ٢٠١٨
## کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی / KIPA ئەنجامدراوە

| ژ | ناوی خول | ڕێکەوت | ژمارەی بەشداربووان | مانگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گرێبەستە گشتییەکان | ٢٠١٨/٤/٤-١ | ١٧ | |
| ٢ | ئامادەکردنی بودجە | ٢٠١٨/٤/١١-٨ | ١٧ | |
| ٣ | یەکسانیی جێندەر | ٢٠١٨/٤/١١-١٠ | ٢٤ | |
| ٤ | زمانی ئینگلیزی بۆ کارگێڕی | ٢٠١٨/٤/١١-٨ | ٢١ | |
| ٥ | پەیوەندییە کارگێڕییەکان | ٢٠١٨/٤/١٨-١٥ | ١٩ | نیسان |
| ٦ | یەکسانی جێندەر | ٢٠١٨/٤/١٩-١٧ | ٢٠ | |
| ٧ | ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | ٢٠١٨/٤/١٩-١٧ | ١٧ | |
| ٨ | کارگێڕیی گشتی | ٢٠١٨/٤/٢٥-٢٢ | ٢١ | |
| ٩ | بەڕێوەبردنی تیم | ٢٠١٨/٤/٢٥-٢٢ | ٢٤ | |
| ١٠ | کارگێڕیی گشتی | ٢٠١٨/٥/٩-٦ | ١٥ | |
| ١١ | ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | ٢٠١٨/٥/٨-٧ | ١٤ | |
| ١٢ | یەکسانی جێندەر | ٢٠١٨/٥/٨-٧ | ١٥ | مایس |
| ١٣ | هۆشیاریی یاسایی | ٢٠١٨/٥/١٧-١٤ | ٢١ | |
| ١٤ | کارگێڕیی ئەلیکترۆنی | ٢٠١٨/٥/٩-٦ | ١٨ | |
| ١٥ | کارگێڕیی ئەلیکترۆنی | ٢٠١٨/٦/٢٧-٢٤ | ٢٣ | |
| ١٦ | یەکسانی جێندەر | ٢٠١٨/٦/٢٧-٢٤ | ٨ | حوزەیران |
| ١٧ | ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | ٢٠١٨/٦-٢٧-٢٦ | ٢١ | |

